# پرۆسە وڕێگاکانی

# بە ( گاور ) کردن لە جیهانی ئیسلامی دا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**ئامادەکردنی: بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( وسائل التنصير في العالم الإسلامي )

« باللغة الكوردية »

إعداد : فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# پرۆسە وڕێگاکانی

## بە ( گاور ) کردن لە جیهانی ئیسلامی دا

خۆشەویستان لەم وتارەدا بە پێی توانا و بۆ گونجان هەوڵدەدەین ئەو ڕێگا وهۆکارەنەتان پێ ئاشنا بکەین کە دەگیرێنە بەر لەلایەن دەزگا وڕێکخراوە گاورەکانەوە لە پێناو بە گاورکردنی کۆمەڵگا موسڵمانەکان لە جیهانی ئیسلامیدا .
ئەم ڕێگا وهۆکارانەش هەندێکیان سەرەکین وهەندێکی تریشیان ڕێگای یارمەتیدەر ( مساعد ) ن .

### هۆکار وڕێگا سەرەکیەکانیش چەند جۆرێکن :

**یەکەم : لە ڕێگای پەیوەندی ڕاستەخۆی ئاشکراوە :**

ئەم شێوەیەش بەجۆرێك لە ئامۆژگاری وڕێنیشاندان وتوجیە کردن لە ناو کەنیسە یان دەرەوەی کەنیسە دەبێت، ( بە شێوەی کۆمەڵ یان تاکەکەسی ) جا ئەمەش هەندێك جار لە ڕێگای ووتاردانەوە دەبێت، یان لە ڕێگای گفتوگۆ ومناقەشە وحیوارەوە، یان لە ڕێگای گرتنی کۆڕ وسیمینارەوە بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە ( پرۆسەی بە گاور کردن ) لە پێناو هەڵگەڕانەوەی کەسانی موسڵمان وسادە وساویلکە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام .

لەم پێناوەشەدا ئەوکەسانەی کە ئەم ئەرکەیان لە لایەن کەنیسە وڕێکخراو ودەزگاکانیانەوە پێ سپێرراوە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەی خۆیانەوە کە ئەنجامیان داوە لە جیهانی ئیسلامی دا گەشتونەتە ئەنجامێك کە پێویستە هەندێك بنەما وڕێگای سەرەکی وڕاسپاردە هەیە بیگرنە بەر بۆ ئەوەی بتوانن کەسانی زیاتر بکەن بە ( گاور ) ولەئیسلام هەڵیان بگێڕنەوە .

أ ) له چوار چێوەی بەگاورکردنی موسڵمانانی نەخوێنەوار و( عەوام ) دا .....
پێویستە ئەو کەسانەی خەریکی ئەم پرۆسەیەن لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا زۆر چاك فێری زمان ولەهجەی محەلی وئەو دەستەواژانە ببن کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن، تاوەکو نامۆ نەبن لە نێوانیاندا، وە دەبێت کاتێکیش قسەو گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەن ئاگاداری ئاستی ڕۆشنبیریان وئاستی تێگەیشتنیان بن تاوەکو لێیان تێبگەن، بەشێوەیەك ئەو کەسەی ووتاریان بۆ دەدات لەنێوانیاندا دابنیشێت وسەرنجی ئەو خەڵکە نەخوێنەوارە بۆلای خۆی ڕابکێشێت، وبەزمانێکی پاراوی دوور لە بەکار هێنانی ووشە وڕستەی ئەجنەبی قسەیان لەگەڵدا بکات، وە چاك شارەزای ئایەتەکانی قورئان و ئینجیل بێت، وە پێش هەموو شتێکیش داوای یارمەتی لە گیانی پیرۆز ( روح القدوس ) وحیکمەتی ئیلاهی بکات کە مەبەست پێی حەزرەتی عیسی یە (روح القدوس لای گاورەکان مەبەست پێی گیانی خوایە کە ڕێگا پیشاندەری خەڵکیە، خوایش لای ئەوان سێ کوچکەی خودای باوك وخودای کوڕ وگیانی پیرۆزە )

ب) پێویستە لەکاتی ووتاردان وقسە کردن بۆ خەڵك هەندێك بابەت وهۆکار بەکار بهێنێت کە شەوق وزەوق بۆ خەڵکی گوێگر پەیدا بکات، تاوەکو قسەی ووتاربێژەکەیان باش بچێت بەدڵەوە، لەو هۆکارانەش وەك بەکارهێنانی مۆسیقا وگۆرانی وهەندێك تەمسیلی سەرنج ڕاکێش، یان بەکارهێنانی هەندێك لە مەشهەدەکانی فانوسی سیحری کە لای مندالان بەتایبەتی خۆشەویسترە .

ج) پێویستە قەشە ومونەصیرەکان چاك شارەزای قورئانی موسڵمانان ببن تاوەکو نەکەونەوە هەڵەوە لەهەنگاوەکانیاندا .

د) نابێت بەهیچ شێوەیەك هەوڵبدەن لەسەرەتاوە ناکۆکی ودووبەرەکی دروست بکەن لەگەڵ موسڵماناندا، تاوەکو کارەکەیان لێ تێك نەچێت .

هـ) ئەبێت خەڵکی نەخوێنەواری موسڵمانان وا حاڵی بکەن کە گاورەکان دوژمنی ئەوان نین .

و) پێویستە ئەو کەسەی ئەرکی بەگاورکردنەی موسڵمانانی پێ دەسپێررێت کەسێك

بێت لەخۆیان و پاشگەز بووبێتەوە، تاوەکو نامۆ نەبێت بە کلتوور داب ونەریتیان .

ز) پێویستە شان بەشانی پیاوانی مونەصیر ژنانی مونەصیریش لە کۆششی خۆیان نەوەستن وخەریکی سەردان وتێکەڵاوی بن لەگەڵ خێزانە موسڵمانەکاندا ودیاریان بۆ ببەن، و کتێب وئینجیلیان بە زمانی خۆیان بۆ ببەن، تاوەکو بیخوێننەوە وشارەزا ببن لێی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام ووتاریان بۆ بدەن لەسەر ڕێنمایەکانی ئینجیل.

**دووەم : لە ڕێگای پەیوەندی ڕاستەخۆی نهێنی پەردە پۆشەوە .**

ئەم ڕێگایەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە گاورکردنی موسڵمانان ( مونەصیرەکان ) ئامانجەکانی خۆیان لەڕێگای دروست کردنی هەندێك دەزگا وکۆمەڵەی خێرخوازیەوە بەدی بهێنن، بەتایبەتی لەووڵاتە هەژار وبێ دەرامەتانەی کە جەنگ وشەڕ وشۆڕیان تێدایە، بتوانن دەستی یارمەتی فریاگوزاریان پێ بگەیەنن ولەگەڵیشیدا پەیامەکەی خۆیان بەباشی بگەیەنن کە بریتی یە لە مەبەستە شاراوەکانی خۆیان ولەژێر پەردەی ئەو خزمەتگوزاریانەدا ئەو خەڵکە هەژارە ناچار بکەن کە ببن بەگاور، ولەگەڵ هەر جۆرە خزمەتگوزاریەکی وەك خواردن وپۆشاك ودروستکردنی قوتابخانە دەست بکەن بە دابەشکردنی ئینجیل وکتێب وپەرتووکی ڕەنگاو ڕەنگ کە هەموویان ئامانجیان بڵاوکردنەوەی ڕێنمایەکانی خۆیانە .

ئەم جۆرەش لەگاورکردن گرنگیەکی زۆری پێدراوە بەتایبەتی لەدوای ئەو کۆنگرەیەی ( مجالس الإرساليات ) کە لەساڵی ١٩٨٠ زاینی لە ووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەسترا، کاتێك یەکێك لەسەرۆکی ئەو دەزگایانە ووتی : " ئێستا تەواوی ئەو دەرگایانەی کە پێشتر داخرابوون لەبەردەماندا واڵا وکراوەن بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆمان بتوانین پرۆسەی بەگاورکردنی کۆمەڵگاکان ئەنجام بدەین، ئەمەش لەڕێگای ئەو چەندان کۆمپانیا ودەزگا نیشتمانیانەی کە هەن لەبەردەستدا، ئێستا بەڕاستی هەلی زۆر گونجاو هەیە کە لە ڕێگایانەوە بتوانین کاری خۆمان بە پسپۆڕی ولێبڕاوانەوە ئەنجام بدەین کەووڵات زۆر پێویستی پێیەتی " .

**سێهەم : لەڕێگای بەکارهێنانی پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە :**

مەبەستیش لەم ڕێگایانە بە طبیعەتی حاڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندنە بەهەموو جۆرەکانیەوە، هەر لە ڕۆژنامە وڕادیۆ تەلەفزیۆن وبڵاو کردنەوەی کاسێت وسیدی وفلیمی جۆراو جۆرەوە بگرە تا دەگاتە بەکارهێنانی ئینەتەرنێت کە ئێستا دونیای کردوە بە گوندێکی بچووك، لێرەدا بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژەمان پێکردن بەڵام پاشتر بەیارمەتی خوای گەورە بە ووردی باسیان لێوە دەکەین .

**هۆکار وڕێگا یارمەتیدەرکان** ( **الأسباب المساعدة** ):

سەرەتا پێویستە ئەوە بخینە ڕوو، کاتێك کە دەڵێین ئەم هۆکارانە چەند هۆکارێکی یارمەتیدەرن مەبەستمان ئەوە نیە کە هۆکاری لاوەکی وپەراوێزخراوو بن لە جێ بەجێ کردنی ئەو کار وگرنگیەی کە پێویستە جێ بەجێ بکرێت لەم بوارەدا، نەخێر بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئەم هۆکارە یارمەتی دەرانە هەمیشە وەك جێگایەکی فەراهەم هێنراو وئامادەکراو بەکار دەهێنرێن کە چالاکیەکانی بە گاورکردن دەڕژێتە ناویەوە، یان هەندێك جار وەك چەند کەناڵێك بەکار دەهێنرێن لە بەرژوەندی پرۆسەی بەگاورکردن کە لەو ڕێگایانەوە ئامانجەکانیان جێ بەجێ دەکەن، وە یان هەندێك جار وەك شۆفڵ وئالەتێکی میکانیکی ڕێگا تەخت کەر بەکار دەهێنرێن کە هەرچی کۆسپ وڕێگر هەیە بەهۆیانەوە ڕادەماڵرێت ئەگەر پێویستی بەبەکارهێنانی هێزیش هەبێت تاوەکو چەند بنکەیەکی بەهێز بۆ پرۆسەی بەگاورکردن دروست بکەن وببێت بە پردێك بۆ ئاسانکاری ئامانجەکانیان .

ئەم هۆکار وڕێگایانەش چەند شێوازێك لەخۆ دەگرێت، وەك ڕێگای ڕامیاری ( سیاسی ) ەکان و بەکارهێنانی هۆکارە سەربازیەکان، هەروەها چەند ڕێگایەکی تری وەك ( هۆکارەکانی فێرکردن وداودەرمان وچارەسەرکرن و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی .... هتد ) .

**یەکەم : هۆکارە سیاسی وسەربازیەکان :**

لەڕاستیدا ئەم دوو هرکارە هەردوو کیان دوو دیووی یەك شتن، چونکە هۆکارە سیاسیەکان ڕێگاخۆشکەرن بۆ دروستکردن وبەکارهێنانی ڕێگا سەبازیەکان، لەواقعیشدا ڕێگا سەربازیەکان جۆرێکن لە شێوازەکانی بەکارهێنانی بوارە سیاسیەکە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەین لە جەنگی خاچپەرستانەکان دەبینن ئەو جەنگانە سەرجەمیان بەو هەوڵانە دادەنرێت کە بەهۆیانەوە بتوانن بیروباوەڕی نەصرانی وپرۆسەی بەگاورکردن لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاو بکەنەوە وپەرەی پێ بدەن لە ڕێگای بەکارهێنانی هێز وچەکەوە، وە هەوڵێکیش بوو لە پێناو پارێزگاری کردن لە کیان وبوونی نەصرانیەت لەژێر فشاری چەك وسیایەت، بەداخەوە تا ئێستاش لەبەر لاوازی باوەڕداران ئەم هۆکارانە هەر بەکار دەهێنرێن لە پێناو بەگاورکردنی کۆمەڵگا موسڵمانەکان، بەڵام بەچەند ڕێگایەکی تری جیاواز وبەبەرگێکی ترەوە، ئەڵبەت نەك بەناوی چەنگی خاچپەرستانەوە، بەڵکو هاتوون بە ڕێگایەکی تر هەر ئەو جەنگە وشەڕە لەگەڵ موسڵماناندا دەکەن، ئەویش بە دوو بەرەکی خستنە ناو ڕیزی موسڵمانان وگەلانی ئیسلامیەوە، بەهەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی وتایفەگەریەوە ئامانجەکانی خۆیان دەپێکن، کە لەکۆتایدا هەر هەمووی دەڕژێتە نێو بەرژەوەندی ئەو پرۆسە نەگریسەی بەگاورکردنەوە، کە دەیانەوێت ڕۆڵە وگەنجی موسڵمان لەئاینەکەیان پاشگەز بکەنەوە وبیان کەن بەگاور وهەڵقە لەگوێی خۆیان وهەرچیەکیان بوێت پێیان ئەنجام بدەن .

خۆشەویستان نمونەی ئەم جەنگ وسیاسەتەش بە ڕوونی لە جیهانی ئیسلامیدا بەدی دەکرێت، زۆر دوور بۆی نەچین ئەوەی لە لوبنان لە کۆتای سەدەی ڕابردوودا ڕووی دا هەمـــووی بۆ پشتگیری وداکـۆکی کردن بوو لە ( مارۆنیە نەصرانیەکان ) ویارمەتی دانیان لەو جەنگە خوێناویەی کە ڕوویدا لەگەڵ موسڵمانانی لوبناندا، بۆ ئەوەی بەهەر نرخ وشێوازێك بووە پەرە بەدەسەڵاتیان بدەن تاوەکو بتوانن حوکمی ووڵات بگرنە دەست، یان بەلایەنی کەمەوە لوبنان بکەن بە دوو پارچەوە کە پشکی

شێر وپارچەی بەهێز لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ مارۆنیەکان بێت، بەڵێ خۆشەویستان دونیای نەصرانیەتی ڕۆژئاوا هەر بەوەندە وازی نەهێناوە، بەڵکو هەستا بە دروستکردنی ناکۆکی وجیاوازی لە نێوان موسڵمانان‌اندا بە بەکارهێنانی چەندان ڕێگای فێڵبازانە، هەستان بە قوڵ کردنوەی جیاوازیەکانی نێوان شیعە وسوونە وشیعە وشیعە وسوونە وسوونە، بۆ ئەوەی موسڵمانان بەناوخۆی خۆیانەوە خەریك بن وپیلان ونەخشە نەگریسەکانی ئەوانیان لەبیر نەمێنێت .

ئەوەشی حاڵی حازر لە سودان دەگوزەرێت هۆکارێك وشێوازێکە لەوەی کە ئاماژەمان پێدا، لەسەرتاوە بەهەموو جۆرێك وویستیان باشووری ئەو وڵاتە جیا بکەنەوە ودەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ نەصرانیەکان پێك بهێنن، بەڵام بەیارمەتی خوای گەورە ئەوەیان بۆ نەچوویە سەر، وەنەبێت ئیتر کۆڵیان دابێت، نەخێر ئەمجارەیان هاتن فیتنە وئاژاوەی ( دارفۆر ) یان بۆ دەسەڵات وحکومەتی سودان دروستکرد، تاوەکو موسڵمانان بە کێشەی ناوخۆیانە خەریك بن وپیلانە نەگریس ودوژمنکاریەکانی ئەوانیان لەبیر نەمێنێت کە سەرگەرمی بەگاورکردنی خەڵکی موسڵمان بن لە باشوور .

زۆرێکی تریش لەم نمونانەی کە باسمان کردن، حاڵی حاز ئەنجومەنی کەنیسەکان جیهان کە هەر سێ کەنیسەکەی ( پرۆستات وکاثۆلیك وئەرثەدۆکس ) لەخۆ دەگرێت لە هەوڵی بێ ووچان ونەبڕاوەدان بۆ ئەوەی هەر ووڵاتێك لە جیهانی ئیسلامیدا کێشەیەکی ناوۆخی بۆ دروست بکەن تاوەکو هەمیشە موسڵمانان خەریکی ناۆخۆی خۆیان بن وبیریان نەمێنێت بەلای کار وپرۆسەی بەگاورکردنی ئەوانەوە، تەنها بەباسکردنی ئەوەندە واز دێنێن .

**دووەم : بوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزرای :**

ئەمەش ئەو خزمەتگوزاریانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵەی ( إرسالیاتي تەنصیری ) لەبوارەکانی فێرکردن وخزمەتگوزرایە پزیشکیەکاندا پێی هەڵدەسێت، کە بریتیە لە چارەسەرکردنی نەخۆش وخزمەتگوزرایە کۆمەڵایەتیەکان وبوارە جیاجیاکانی

ڕۆشنبیری وەك کردنەوەی خولی فێربوونی کۆمپیوتەر ویانەکانی وەرزشی وپێشکەشکردنی یارمەتیەکانیان لە دابەشکردنی خواردەمەنی وپۆشاك ودیاری بەسەر منداڵان وشتی تریش، ئەم شێوازەی گاورەکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لەزیادبوون کردوە بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدە بەدواوە، ئەویش پاش داگیرکردنی وولاتانی جیهانی ئیسلامی لەلایەنی وولاتانی زلهێزی داگیکەر ودواتریش پاش جەنگی جیهانی دووەم، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی تەواوی وولاتان وبەکارهێنانی لەخزمەت ئامانجەکانی خۆیاندا .

**سێهەم : پرۆسەی بەگاورکردن لەڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە.**

دەزگا ودامەزراوەکانی پرۆسەی بەگاورکردن ئێستا لەجیهاندا بەدەیان وصەدان هۆکاری ڕاگەیاندنیان لەبەردەستدایە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی وڕادیۆ وڕۆژنامە و گۆڤار وپێگەی ئینتەرنێت، بۆ ئەم مەبەستەش پارەو پوڵێکی خەیاڵی ویەکجار زۆریان بۆ خەرج دەکرێت، بەدەیان کۆڕ وکۆبوونەوە وکۆنگرەیان بۆ ساز دەکرێت، تاوەکو بتوانن جەماوەرێك لەخۆیان کۆبکەنەوە، هەر بۆنموونە ، دەیان دەزگا ودامەزراوە وڕێکخراو لە بوارەکانی ڕاگەیاندن لەوڵاتەکانی سویسرا ونەمسا، وئنگلتەرا وئەڵمانیا، وفەرەنسا وبەلجیکا، وهۆڵەندە، وهونك کونگ، وفلیپین وئەمریکا وچەند وڵاتێکی تر هەستان بە سازدانی کۆنگرەیەك لەپێناو دامەزراندنی چەند پەخشێکی ڕادێۆی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نەصرانیەت، زیاتریش بەرنامەکانیان ئاڕاستەی وولاتانی جیهانی ئیسلامی دەکەن لە پێناو بەگاورکردنی ئەو کۆمەڵگایانەدا، هەر لەو کۆبونەوەیەدا بەرنامەی ئەوەیان دانا کە مەشق وڕاهێنان بەژمارەیەك کارمەندی ڕاگەیاندن بکرێت بۆ ئەوەی توانا ووزە وپسپۆڕیەکانیان لە نێو خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانیان، هەروەها چەند بڕیارێکیان دا کە چەند لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەیەك ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بزانن ڕادەی پێشوازی کردن چەندە لەنێو گوێگرانی بەرنامەکانیاندا، دیارترین وچالاکترین ئەو

دەزگا وڕێكخراو وڕادێۆیانەی كە بەشداریان لەم كۆنگرەیەدا كرد بریتی بوون لە ( پەیوەندی كاثۆلیكی بۆ پەخشی ڕادیۆ وتەلەفزیۆن كە بارەگای سەرەكیان لە وولاتی سویسرایە، هەروەها هاوبەندی جیهانی ڕادیۆی نەصرانی كە پەخشی سەرەكی لە جنێفە، یەكیەتی جیهانی بۆپەیوەندی وگەیاندنی نەصرانی، پەیوەندی جیهانی پەخشكەرانی نەصرانیەكان كە بارەگای سەرەكیان لە ئەمریكایە، هەروەها كۆمەڵەی بەگاوركردنی جیهانی لە ڕادیۆ كە بارەگای سەرەكیان لە وویلایەتی نیوجرسی ئەمریكایە، دەزگای بەگاوركردنی جیهانی لە هۆنكۆنگ، یەكیەتی فلیپنی بۆ پەخشكەرانی ڕادیۆی نەصرانیەت، چەند ڕێكخراو دامەزراوەیەكی تر كە هەموویان ئامانجیان ئەوەبوو هەوڵەكانیان یەكبخەن بۆ ئەوەی لەبواری ڕاگەیاندندا بەتایبەتی لە ڕێگای پەخشەكانی ڕادیۆوە یەك بەرنامەی یەكگرتوو دابڕێژن بۆ ئەوەی پرۆسەی بەگاوركردن برەو پێ بدەن، جێی ئاماژەیە حاڵی حازر ژمارەیەكی زۆری پەخشی ڕادیۆ بە زمانە جیاجیاكانی جیهان خەریكی بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی نەصرانیەتن، لەنێو ئەو ژمارە زۆرەدا چواردە پەخشی ڕادیۆی ئێستا بەزمانی عەرەبی لەچەند وولاتێكی جیا جیاوە هەفتانە زیاتر لە هەزار و پێنج صەد كاتژمێر پەخش دەكەن كە دەكاتە زیاتر لە هەشتا هەزار كاتژمێر لە ساڵێكدا، هەموو ئەم بەرنامانەش وە نەبێت تەنها بۆ گوێگرانی نەصرانی بێت بەڵكو بەرنامەی تایبەت وكاتی تایبەتیشیان هەیە كە ئاڕاستە كراوە بۆ جیهانی ئیسلامی وتایبەتر بۆ موسڵمانان لە پێناو تێكدانی بیروباوەڕیان ودروستكردنی گومانی جۆراو جۆر لای كەسانی سادە وساویلكە .

خۆشەویستان ئەوەی باسكرا بەركوڵێك بوو لە پرۆسەی بەگاوركردنی نەصرانیەكان كە شەو ڕۆژ سەرگەرمینی بۆ ئەوەی هەرچیەكیان كردوە شەڕی خاچپەرستی جارێكی تر بەچەند ڕێگا وهۆكارێكێ جیا جیا بەرامبەر بە موسڵمانان وجیهانی ئیسلامی دەست پێ بكەنەوە، لە پێناو ئەوەی ڕێگا بگرن لەو بێداریە ئیسلامیەی كە حاڵی حازر تەواوی سەرزەوی گرتۆتەوە و بووە بەمایەی مەترسی قەشە وپاپاكانی كەنیسە .

لێرەدا بەجێتان دەهێڵین بەو هیوایەی پێتان بگەینەوە لە ووتارێکی تردا لە ژێر ناونیشانی ( هەنگاوە کاراکان لە پێناو ڕێگا گرتن لە پرۆسەی بەگاورکردنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان ) .

شاد وسەرکەوتوو بن وخواتان لەگەڵ

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته .